
# نامە سەرگەردانەکان



نووسینی : کارۆ

و. لە فارسییەوە: مینە

2005

کارۆ

نامە

# سەرگەردانەکان

مینە

لە فارسییەوە وەرگێڕاوە

لەسەر ئەرکی (یادگار محمد چروستانی) چاپکراوە.

ناوی کتێب: نامە سەرگەردانەکان

نووسینی: کارۆ

وەرگێڕانی: مینە

پیتچنین: مینە

نەخشەسازی: یادگار محمد چروستانی

چاپ: یەکەم

چاپخانە: گەنج

ژمارەی سپاردنی (186) ساڵی 2005 پێدراوە

مافی لە چاپدانەوەی پارێزراوە.

پێشەکی ........ 3
پێکەنینی فرمێسکەکانی ........ 7
نامەی کیژۆڵەیەکی ناشیرین ........ 17
نامەی کیژێک بۆ دڵدارەکەی ........ 29
نامەی کتێب فرۆشێ بۆ مەی فرۆشێ ........ 39
نامەی دایکێک بۆ سەرۆکانی دەڵەتە مەزنەکان ........ 49

# پێشەکی

بەهۆی رەشەبا ژەهراویەکەی ئەنفالەوە، منیش وەك ئەو هەزاران کوردەی کە چووە ناو ئێرانەوە، لە شارۆچکەی سەقز جێگیر بووم و لە نێو ژیانێکی پڕ لە چاوەڕوانی بێهودە و داهاتویەکی نادیار.

زیاتر سەروکارم بەسەر کتێب و خوێندنەوە و نووسینەوە بوو.

بەفرمانی ئەوەی، کە لە وڵاتێکی تر و لەنێو کولتوور و لەژێر کاریگەری زمانێکی تردا دەژیام.

هەر ئەوەش هانیدام، کە هەوڵ بدەم زمانی فارسیەکەم کەمێ بەهێز بکەم...

لەئەنجامی ئەودا کتێبی (نامەهای سرگردان)م بەرچاوکەوت، دوای خوێندنەوە و تێگەیشتن لە بیری بابەتەکە...

ئیتر بڕیارمدا، کە هەوڵی وەرگێڕانی بدەم.

نوسەری کتێبەکە ناوی (کارابت دردیان)ە و بە (کارۆ) ناوبانگی رۆشتووە.

کتێبەکە بریتی بوو لە پانزە نامە و سێ گۆرانی... بەداخەوە من تەنیا توانیم پێنج نامەی تەواوبکەم... چونکە کاروباری سەفەرەکەم تەواو بوو، ئیتر نەمدەویست لە ئێراندا بمێنمەوە... کەس نەیدەزانی بەیانی چی روودەدا و سەرئەنجام بەرەو چ داهاتوویەك دەچین.

بەهەرحاڵ، ئەو پێنج نامەیەم هەڵبژارد و دوای وەرگێڕانی لە لایەن هاوڕێی بەڕێزەوە (هاوڕێ شنۆ) سەرباری پەژارە و باری دەروونی ئەو کاتەی خۆی، ئەرکی پیاچوونەوەی وەرگێڕانەکەی لە ئەستۆ گرت (شایانی سوپاس و پێزانینە)

هەڵبژاردنی ئەم پێنج نامەیە مانای ئەوە نیە، کە ئەمانە لەوانی تر بەهێزترو بەپێزتر بوون... نەخێر... بەڵکو سەرجەمی کتێبەکە بەهەمان هێز و پێزەوە داڕێژراوە، هەروەها بەتوانایی نووسەری بەتەواوەتی پێوە دیارە.

بەرلەوەی کە سەفەر بکەم، گۆڤاری کولتوور داوایانکرد، کە هەر بابەتێکی ئامادەکراوم هەبێت بۆ بڵاوکردنەوە بۆیان بنێرم، تا لە ژمارەکانی داهاتویاندا بڵاویبکەنەوە– گۆڤاری کولتوور لە شاخ دەردەچوو، کە هاتینە ناو ئێرانیشەوە هێشتا هەر کاری لەسەر دەکرا.

منیش بە پەلە ئەم پێنج نامەیەم پاکنووس کرد و بۆم ناردن...
ئەوانیش زۆر دڵسۆزانە بڵاویانکردەوە و لە دووتوێی بەرگی ژمارە پێنجدا لە فەوتان و لەناوچوون پاراستیان.

مەبەستی سەرەکیم لە وەرگێڕانی ئەم نامانە بۆ سەر زمانی کوردی، تەنیا ئەوەبوو، کە خوێندەواری کوردی زمان بەو شێوە ئەدەبە ئاشنا بکەم، هەرچەند لەوانەیە بەهۆی ئەدەبی عەرەبی و فارسیەوە لەو شێوە نامانە هەبن و بەرچاو کەوتبن، بەڵام لە ئەدەبی کوردیدا من بەش بە حاڵی خۆم جێ پەنجەی هیچ ئەدیب و نوسەرێك لەو لایەنەوە نابینم و نەمبینیوە.
لەکۆتایدا دەڵێم خۆشحاڵم ئەگەر کارێکی چاکم کردبێت.
کەموکوڕی بابەتەکەش لە رووی وەرگێڕانەوە لە ئەستۆی وەرگێڕدایە، نەك کارۆ.

مینە/ لەندەن

سەبارەت بەم نامەیە...

ئەمە، نەداستانە... نەئەفسانەیە، نەشیعرە و نەپەخشانی شاعیرانە.. دڵۆپە فرمێسکێکی ئاوارەیە... زریانێکە، لە چاوانی پڕ ماتەمینی ئازار و ژانەوە دەڕژێتە داوێنی پارەپارەی شەوەزەنگی برسیەکان..

چارڵی بە زمانی کوردی ئاشنا نیە... بەڵام بەدڵنیاییەوە لە زمانی من تێدەگات، چونکە زمانی من، زمانی برسییەکانە... برسیەکان نا !! زمانی خودی برسێتی... ئاخر برسێتی تەنیا بەیەك زمان دەدوێت: ئەویش کە راستیە... بەڵێ راستی...!

سڵاو چارڵی !

سڵاو ئەی مرۆڤی مەزن...

سڵاو لە تۆ و پێکەنینە فرمێسکاویەکانی تۆ، سڵاو لە تۆ و لە گریانی پێکەنیناویەکانت.

دەستم دامەنی تۆ چارڵی... دامەنی ژیانی تۆ، کە دەزانم لێوڕێژە لە فرمێسکی پەرێشانی سەرلێشێواوان.

ڕێبده با فرمێسکی زەبوونی، لە دەردێکی بێ سنووری بێ کۆتاییەوە، بەهەمان شێوەی سادە و ساکار بڕژێتە دامەنت.
چارلی، ئەی مرۆڤی بەنرخ... من غونچەیەکی نەپشکوتووی غەمبارم، لەگەڵ هەزاران هەزار غونچەی نەپشکوتووی دی، لە کێڵگەی پانوپۆڕی دڕکودالْ پەروەر و ژەهراویدا (جۆکەر)ی چەردەیەك قوماربازم..!

لاوم... بەڵام بڕوابکە چارلی... هەوری ڕەشی ئاسمانی ئەفسوناوی سەدەکان... سەدەی ئەفسانە کۆتکراوە لەچاڵنراوەکان، سێبەرێکی سپی لە ڕەشایەکانی ئەم سەردەمە دڕندەیە، لەسەرم بارکردووە...
لاوم... بەڵام کەمەرم لەژێر باری غەم و کلۆڵیدا، وردوخاش بووە... چەماوەتەوە، شکاوە...
غەم و پەژارەی خۆم نالێم... من هیچ... منی مرۆڤ،، غەم و کلۆڵی مرۆڤی ئەم سەردەمە ڕەشە.!
گوێڕاگرە چارلی... گوێ رادێرە لەم سۆزی جگەرە، سۆزی دڵی لانە شێواو... گوێگرە لە هاواری هەوسار پچڕاوی هاوارەکانی پشتگوێ

نراوی چەرخ و دەورانم  ئەو هاوارەی کە قورسایی لە رادەبەدەری دەرودیواری دڵی ترپە ترساو و خۆرنەدیدەی تێکەڵ بە خاك و خۆڵەکەمی تێکومەکان داوە. ! !

بێدەنگی... ! ! هاوارکە و بڵێ بێدەنگی..با مرۆڤێ کە سەرتاپای بوونی هێمای جووڵەی ژیانێکی لە پێکەوتووی بێ جوڵەیە و بەڕاستی فرمانی کڕبوون دراوە بەسەریا... با لەودیوی گشت دەریاکان، گشت بیابانەکانەوە... گوێ رادێرێ لەم نەفرەت و هاوارەی سەرتاپای دەردەکەم.. ! !

چارڵی ئازیز... تۆ لە من باشتر دەزانی..کە لەچ سەردەمێکی ئاڵۆز و سامناکدا ژیان بەسەردەبەین... سەردەمانێك کە کۆمەڵی مردووانی مردووپەرست، مردووپەروەری ئادەمی خۆر، گشت ناخ و دەروونە پڕ لە ئەوینەکان، هەموو هەناسەکان، خرۆشانەکان، بیرە زیندووە کۆتنەکراوەکان... هەناسە بە هەناسە، سینە بە سینە، دەیسپێرن بە رەشی خاکێك، کە ریشەی درەختانی پایزی رەگ پارەپارەی مرۆڤایەتی تێدا وێڵ و سەرگەردانە.

سەردەمانێ... کە بۆ هەموو دەردێکی بێ دەرمان... دەربار ماچکردن و کورنوش بردن لەبەردەم خوایانی زەمیندا، دەرمانە بۆ هەموو بێ چارەییەکان.

تەنیا چارەسەر کپکردنەوەی ئاگری ئابڕووی مرۆڤایەتی و لەبیرچوونەوەی بانگی ویژدانی زیندووە.

لەم سەردەمانەدا... کە ئێمەی دیوی دووەمی دەمی هاواری بێ پەنای مرۆڤە ماڵ بەکۆڵەکان... لەگەڵ رواڵەتی نەپساوەی کارگەکاندا، بەرگەی مردنێك دەگرین کە تاڵانکەرانی ژیانی مرۆڤ، بەناوی (ژیان)ەوە سەپاندویانە بەسەرماندا.

ئیدی خۆت دەزانی... بەم چەشنە کە من دەمەوێ چی بەتۆ بڵێم...

تۆ من ناناسیت... ئەمەش تاوانی تۆ نیە چونکە من نە سەرمایەدارم و نە سیاسیشم... بەڵکو نموونەی گیانی لێوان لێوی هەژاریم و تاڵی فرمێسکە نهێنیەکانی ئەو مرۆڤانەی، کە ئەم سەدە مەرگچێنەرە، تەنانەت مافی فرمێسك رشتنیشی لـێ زەوتکردوون. !

لەپاڵ خوایانێکەوە... کە لووتی بەرزیان روو لە ئاسمانە... هاوار و ناڵە چۆن دەتوانێ، لە درزی سینەی مەلێکی باڵ شکاوی بێ پەڕوباڵ و ئاوارەوە دەنگ بداتەوە..؟

لە سەردەمانێکدا کە بوون پارەیە..خانەدانی پارەیە، ئابڕو پارە... شانازی پارە... کەسایەتی پارە، ئارەزوو پارە... پارە... پارە، هەموو شت پارە، گشت شوێنێ پارە...

لە سەردەمانی ئاوادا چۆن ناڵەی راستی لە ناخی دەروونی هەژاریەوە، دەگاتە گوێی تۆ... بەگوێی تۆ کە هونەرەکەت سەرتاپا ئاوێنەی تەواو باڵانومای دووچاریی دەیان هەزار مرۆڤی دووچارە، کە بەختیاریان لە نێوان چوار دیواری پڕ لە تەنگوچەڵەمە و بێ دەرامەتی و پەشێوی و ئاوارەدایە... !

تۆ لە ئاڵۆزی ژیان ئاڵۆزی سەدان هەزار مرۆڤ، سەدان هەزار کڵۆڵ... چی دەزانی.؟ ئەوانەی کە بەشێکی ژیانیان خاکی ژێرپێی خوایانی سەرزەمینە و بەشەکەی تری ژیانیان... چەند بستێ گەورەتر لە گۆڕێکی تەنگەبەر و چەند وتەیەکی کورتە لە نوسراوە ئاسمانیەکان ئاخر چارلی تۆ لە کڵۆڵی و چارە رەشی ئەم خەڵکە چی دەزانی..؟ لە

کویَ له کام نووسراودا... له کام رۆژنامەدا.؟ تۆ دەتوانی دەربارەی ئەم ژیانه لێکپچڕاوه... تەنانەت یەك وشه بخوێنیتەوه..؟

ژیانێ که پێغەمبەرانی مەرگ به دەماری بەستەلۆکی کلۆڵیدا و به لاشەی شڕەپۆشانی نەگبەتیدا پینەیان کردووه.

ئاخ..چارلی، چارلی..! باوەڕبکه له هێرشی هەڵچوونی قینی یاخیم، دەروونم خەریکه شەق دەبات...

ئاخر چارلی، ئەمه چ بەزمێکه، کەشتیوانانی کەشتیەکانی مەرگ له دەریای پانوپۆڕی فرمێسکی ماڵ بەکۆڵی ژیانەکانی فەرامۆشکراوی رەشپۆشیدا ناویانەتەوه... ؟؟

بڕوانه چارلی... بڕوانه له بێدادگەری چەرده ئاژەڵێکی بەخوێن تینوو... له بیابانی خۆربردووی ئەفەریقادا چ رۆژه حەشرێ بەرپایه..!

جەنگی رابردووت لەبیره..؟ ئەو هەموو خوێنه، ئەو هەموو کوشتاره... مەگەر چارلی بەس نەبوو.که دیسانەوه دەیانەوێ سەرلەنوێ زەمین و سەردەمەکەی به ئاگری گوللەی مەرگخواز و وێرانکاری ـ له پەرێشانی شەپۆلەکانی خوێن ـ پەرێشان بکەنەوه..؟

ئاخر چەند... و... تاکەی..دەبێ ئیسکی مرۆڤ، لە جیاتی لولە بەکاربێنن و خوێنی خەڵکی بەناویا... دیار بە دیار... فرسەخ بە فرسەخ، سەرەوژێری بکەنەوە بۆ خەزێنەی گیرفان..؟

مەگەر چارلی ئەم سەرمایەدارانەی جیهان ئەوە نازانن کە ـ بەپێچەوانەی دەست و پێی مرۆڤەوە، دەست و پێی کات، هەرگیز ناکرێ و ناتوانرێ زنجیر بکرێت..؟؟

ئەی ئەوانەی کە مەرگیان لەبەر کوشتنی راستی یەخسیر کردووە... مەگەر نازانن، ژیان بەپێچەوانەی مەرگەوە.. ناتوانرێ دیل بکرێت..؟

باوەڕیکە چارلی... لەگەڵ هەموو خۆزگە پەرشوبڵاوەکانمدا، کە لە پەشێوی بوونی پەشێوم هاوار دەکەن، لەگەڵ گشت ترپە نارێك و پێکەکانی دڵمدا... لەوە دلگرانم کە بە نامەکەم تۆ دڵگران دەکەم.

ئاخر چۆن دەبێ ئەم هەموو چاوچنۆکیە، ئەم هەموو خوێنڕێژی و خوێنخۆریە، ئەم هەموو شێتی و دڵڕەقی و چارەڕەشیە لەیاد بکرێت..؟

مەگەر دەبێ ئاگری قینە هەوسار پچڕاوەکانی مرۆڤایەتی هەر تەنیا بە فرمێسکی پەژاراوی بێدەنگ و کپ بکرێت..؟

بۆ نەبینم..؟

بۆچی نەیڵێم..؟

بۆچ هاوارنەکەم..؟

خۆ من دەبێ لە جیاتی گشت نەتەوەیەك، بە فرمانی ویژدانم... هاواربکەم.

باوەڕبکە چارڵی..بێدەنگی لە کێشمەکێشی ئەم سەردەمە ـ ئەم سەردەمە تاریکە ترسێنەرە، کە لە دڕندەیی تاریکی بێ سنووردا، کاسەسەری مرۆڤەکان صندوقچەی زێڕی ئاژەڵەکانە.

بێدەنگی لەسەردەمی ئاوادا... باوەڕکە چارڵی... تاوانێکە، لەخودی تاوانەکەش گەورەترە... با ئەم ددانە ژیان خۆرانە هەرچی دەکەن بیکەن... لە هەر دەرگایەك دەدەن بیدەن... ئەوەی بەڵگە نەویست و ئاشکرایە، ئەوەیە... هەر داستانێك چەندە درێژ بێت ـ کۆتایی هەر دێت... لە پشت ئەم شەوە ئەنگوستەچاوەوە، رۆژێکی رووناك چاوەڕوانمانە... رۆژێکی رووناك، کە لە تیشکی ژیان بەدیهێنەردا،

نەشوێنەوارێ لە خوێنی مەیوی جەنگ و نەنیشانەیەك لە سەنگەرە تێکشکاوەکانی خەڵتانی خوێن هەیە.
رۆژێکی رووناك کە لە پانتایی گیانی ئافەریندا، کات لە خزمەتی مرۆڤدایە... مرۆڤیش هەر لە خزمەتی مرۆڤدایە.

پەروەردگار... ئەم نامەیە، کۆیلەیەك لە کۆیلەکانت بۆ تۆی دەنوسێت... کۆیلەیەك، کە رۆژە رەشی بە واتای فراوانی وشە ـ لە ژیانی بێ پەنایدا هاواردەکات...

خودایە، سوێند دەخۆم بە گەورەیی و دادپەروەری بێگومانت... لەم کاتەدا کە ئەم نامەیەت بۆ دەنووسم... هێندە هەست بە کلۆڵی دەکەم ـ کە تەنانەت لەو بڕوایەدام بە بیری تۆشدا نایەت، تۆی تەنیا پەناگای رۆژە رەشان ـ.

خوایە گیان، ئەو چارەنووسە پڕ ئازارەی کە بۆتە بەشێکی تەنیایی ژیانی من... دەزانی دروستکراو و ئەنجامی کارێکی رێکەوتە..؟ مەگەر ژیان جگە لە وێکچوونی رێکەوتەکان، شتێکی دی هەیە..؟..نە ء.. خودا... بەخوا نیە.

بیست و هەشت ساڵ لەمەوبەر کیژێکی ناشیرین و رمۆزن، بە سامانێك کە لە باوکیەوە بۆی بەجێمابوو... لاوێکی قۆزی کڕی... ئەنجامی ئەو سەودا و مامەڵە ناپەسەندە... منی لێبەرهەم هاتم..!

بەختی رەشیشم تەنانەت ئەوەندە یار نەبوو، کە بوونم رەنگدانەوەی جوانی و شۆخ و شەنگی باوکم بێت.

کاتێ لە تەمەنی نۆ ساڵیدا، بۆ یەکەم جار سەیری ئاوێنەم کرد، بە چاوی خۆم بینیم، چارەم رەشنووسێکی قێزەونە لە چارەی ترسناکاوی دایکم..!!

تەمەنم سیانزە ساڵ بوو، کە تێشکانێکی گشتی، لەگەڵ سامانی زۆر لە دەوڵەمەندەکان سامانەکەی دایکیشمی لەبەین برد... هەروەها لەگەڵ سامانەکەی دایکمدا، باوکیشم بەجێیهێشتین و رۆشت.

تا ئەو کاتە، سەرەڕای ئەوەی کە روخسارێکی رمۆزنم هەبوو، بەڵام ورشە و بریسکەی سامان، هەرگیز نەیهێشتبوو، کە لە بەرامبەر ئەو کیژە جوانانەی تۆ دروستت کردبوون هەست بە کەموکوڕی بکەم.

تا ئەو کاتەی کە هەژاری سێبەری ناپیرۆزی خۆی بەسەر روخساری پیسما کێشا، بۆ یەکەم جار هەستم کرد کە تا چ رادەیەك بێبەشم... !

لە ساڵانی خوێندندا هەمیشە قوتابیەکی سەرکەوتوو بووم... بەڵام چۆن قوتابیەکی سەرکەوتووی رۆژە رەش..؟!

شەو و ڕۆژ سەروکارم لەگەڵ کتێبدا بوو هەموو هەوڵێکم ئەوە بوو، کە کەموکوڕی رواڵەتی بە کامڵی دەروونی پڕبکەمەوە... ئافەرین ئەی کۆششی بێهودە ـ.

سەردەمی پێگەیشتنم بوو... گشت خانەکانی لەشی ناتەواوم، لە من و هەستەکانی من (من)... و... .هەستەکانی بەرامبەریان دەخواست، دڵم شێتانە ئارەزووی دەکرد، کە لەبەر خاتری ئەوینی لاوێك بە کەساسی لێبدات..!

نیگام وێڵی نیگایەکی عاشقانە بوو، کە لەگەڵ پێکدادانی ئەواندا، لە ناخەوە تەزوویەکی هێواش و مەستانە، بوونمی بهێنایەتە سەما...

حەزم دەکرد و لە قولایی دڵەوە دەمویست ـ کە هەر یەکە لە ترپەکانی دڵی من رەنگدانەوەی ناڵەی شەوانی عاشقێ بێت... کە بەختیاری تەواوی لە منەی سێبەری ئەوینی مندا بووایە.

لەوپەڕی نەفرەتێکەوە کە بوونی نکولی هەڵنەگرێ، چارەی قێزەونی خۆم بوو، دڵم دەیویست، لاوێك لە لاوانی رۆژگار لاپەڕەکانی دڵم ببینێ..و... بزانێ کە دڵم تا چ ئاستێك شایانی ئەوینە... و تا چ رادەیەك دەتوانێت ئەویندارى بکات..

لێرەدا... لەم سەردەمی رووکەش بینەی... رووکەش پەرستیدا، دڵی ئەویندار نەناسراوە. سەرەڕای ئەو حەز و ئارەزوویەی کە هەمبوو... نەلاوێك سۆراغی لاوێتی راونراومی کرد، نەدڵێکیش لەبەر خاتری تەنیایی دڵم گریا... تەنیا پێخەفە پڕ لە تەنیاییەکەم ئاگادارە و دەزانێ، کە شەوانە لەبەر ئاسوودەکردنی دڵم چەندە خۆم هەڵدەخەڵەتناند و تەفرە ئەدا، شەوانە... هەر شەوێك بە (ئەو) ـ بە دڵی بێکەسم ـ پەیمانم دەدا کە بەیانی... هاودەمێکی بۆ پەیدا دەکەم... هەر رۆژە... هەموو رۆژێك... بە هوای پەیداکردنی دڵێکی ئاشنا، نیگام پەشێوی سەدان نیگای بێ سەروشوێن بوو.

ئاخ... ئەی چارەنووسی بە ئازار..ئەی ژیانی راونراو.

لە سۆراغی دڵێکی ئاشنادا، هەر کاتێ بۆ هەر کوێیەك چووم، لە هەر کوێیەك بووم، ئەو چرپەماڵکاولە بەرگوێم دەکەوت... کیژێکی چەند باشە، هێجگار باشە، بەڵام، داخەکەم کە... جوان نیە... نەوەڵڵا هیچ جوان نیە.

ئەی یەزدانی گەورە... تەنیا تۆ دەزانی، کە بیستنی ئەم جۆرە ئاوازە خەماویانە بۆ کیژێکی بێبەش لە جوانی، چەندە روخێنەر و چەندە بەرگەگرتنی ستەمە..؟!

پەروەردگار..بە دادوەریت سوێند دەخۆم... ئەمە گاڵتە نیە، شیعر نیە، تراژیدی دروستکراوە..! تراژیدی ژیانە.! خوایە گیان هەڵەم... وانیە؟!.

هەژدە ساڵ بووم کە خویندنم کۆتایی هات... نەدەمویست و نەحەزیشم دەکرد، کە لەوە زیاتر بەردەوام بم لە خوێندندا... بەڵام بە پێچەوانەی منەوە دایکم حەزی دەکرد بەردەوام بم... ئەو حەزی دەکرد هەرچی زووترە، داهاتووی من دیاری ببێت.

داهاتوو... ؟ کام داهاتوو..؟ چنگێ قژی هەڵکورِوزاو، دوو دەستی خواروخێچ و باریك، لوتێکی پانبووەی چەپۆك خواردوو، لەگەڵ دوو چاوی ئەبڵەق و دڵێکی برسی لە قەفەزەی سنگێکی راونراوی بەتاڵ و ژیانێکی هیچ و پوچ.

ئەو شتانە چ جۆرە داهاتووەیەکیان دەویست کە هەیانبێت..؟..جگە لە ئاهی دەروون سوتێنەر و گۆشەگیری لاو روخێنەر..و... فرمێسك... فرمێسکی نهێنی.

لە هەموو شتێك بێفەڕتر، تێڕوانینی نیگەران و بەزەیی هێنەرەکانی دایکم بوو... ئێسکی دەکردم بە ئاو... چونکە دڵم هەرگیز نەیدەویست شایانی بەزەیی بم... بەڵام مەگەر بە حەزی دڵم بوو..؟

لەگەڵ ئەوەشدا هەر شایانی بەزەیی بووم... هۆکەشی گەلێ سادەوساکار بوو.

نەسامانێکم هەبوو کە بە پەیڕەوی کردن لە دایکم، پیاوێکی پێ بکڕم، و... نە..ئاخ پەروەردگار..دەربارەی جوانی ئیدی چی بڵێم..؟

بە هەستێکی نیگەرانەوە، هەستێکی لە رادەبەدەر نیگەران و پەرێشان... .. . بۆ ئاسودەکردنی دڵ، ئاسوودەیی مەحاڵ، پەنام بردە بەر شاعیران و نووسەرە مەزنەکان.

چەند شەوانێ لە دۆزەخەکەی (دانتی)دا سەرسام مامەوە و سووتام... لەپرسەی مەرگی دڵتەزێنی (گوریف)ی ناوچەوان رەشدا، چەندم

فەلسەفەی ترسێنەر دەربارەی کۆمیدیای ژیان و چاوچنۆکی بێ سنووری زیندووەکان، لە پێستی دەباخکراوی (بلزاك) کۆکردەوە...

لەگەڵ حافزی شیرازی، لە تاریکی چەرخەکاندا وێڕای فریشتە وێڵەکان هاوپیاڵە بووم.

لە ژووری پڕ لە ماتەممدا بۆ قارەمانی ژووری ژمارە (6)ی (چیخۆف) چەند ساتێ گریام... ماوەیەکی دوور و درێژ (دیکەنز) شان بە شانی (دیستۆفسکی) بە ئاگریماڵکاولی قارەمانانی رۆژە رەش، دڵی شکاومیان کرد بە کەباب... هەروەها پاڵەوانانی دروستکەری بێ هیوایی (کافکا) دوایین کۆڵەکەی هیوامیان، بەسەر ژیانی نائومێدمدا وێرانکرد.

خوایە... ئیدی چی بڵێم، بەچی جۆرێ بڵێم کە چەند ساتێکی بەردەوامە بۆ دڵدانەوەی دڵم لە لایەکەوە و بۆ دۆزینەوەی رێی سەرفرازی لەو تەنگوچەڵەمەیەی کە هەمە جگە لە خوایانی ئەدەب هاودەمێکی ترم نەبوو... تا ئەو کاتەی کە هەستێکی ئێسك شکێن سەرتاپای ناخمی هەژاند... کاتێ کە بەکردەوە بینیم خەریکە

پیردەبم، و تا ئێستا جێ پێی هیچ پیاوێك لە ژیانی كاكی بەكاكی بێ ئاو و گیای سەرسامما دیارنیە !... نەفرەتێكی زۆر بەرامبەر هەرچی شاعیر و نوسەرە لە دەروونما پەیدابوو... چونكە لەپڕ بە بیرما هات، كە ئەم مرۆڤە مەزنانە كە بە روالّەت خۆیان خوای واتایین... كەچی هەرگیز بەتایبەتی بۆ رۆژە رەشانی وەك من نەگریاون... كە تەنیا تاوانیان نەبوونی جوانی رووكەشە.

هەرگیز ئەوەم نەخوێندۆتەوە، كەیەكێك لەوانە عاشقی كیژێكی روخسار رمۆزنی وەك من بێت... خۆ ئەگەر بەرێكەوت كاری وەهایان كردبێت، ئەوا لە بنەڕەتدا، لایەنی بەزەیی بووە، نەك ئەوین و خۆشەویستی، بەزەیی... بەزەیی... بەڵێ ! خوایە !

نابێ دڵی كەس لەبەر خاتری دڵی من لێبدات... چونكە من هەر لە بنەڕەتدا نیم... نەءء.خوایە... خوای بێ جوانی - واتای ژنێك بێ جوانی چییە ؟؟..من چیم..؟ سەرسامم...

پەروەردگار، مەگەر كاتی هاتنی من ئەم راستیە لای تۆ ئاشكرا نەبوو ؟

منت بۆچی دروستکرد ؟... بۆچی..بۆ کێ.؟ بۆ پێشانداو و مەزنی جوانی ؟... ئەی بۆم ئەم بەراوردە رێگەیەکی تر نەبوو، جگە لە (رمۆزنی) ئەم سەرچاوە پیسەی ژیانی رۆژە رەشی من ؟!.

پەروەردگار... بەداخەوە کە بەرگەگرتنی ژیان لەگەڵ ئەم هەموو بێنرخیەدا... لە توانای من بەدەرە !... من ئەوا ئەمشەو بۆ بارەگای تۆ دەگەڕێمەوە... .بۆ ئەوەی سەرلەنوێ چاوێ بخشێنیتەوە بە بوونما..!!

ئەم سینە رەقوتەقە بە کەڵکی من نایەت... من مەمکم دەوێت... جووتێ مەمکی تورت و خرپن کە درزی نێوانیان دۆشەکی ئاڵۆشی شەوانی لاوانی ئەم سەردەمە بێت... لاوانێك کە گەورەیی ئەوین..سەرەڕای بێگەردی دڵ لە گیان بەبەراکردنی مەمکەکان پەیدا دەکەن.
من قژەسەری جوان و پەرێشانم دەوێ... تا هەر تاڵێکی بکەمە زنجیری بەندی سەد دڵی هەرزەپەرست.

ئەم بیرکردنەوە قوڵانە بەکەڵکی من نایەت... من بیرێکی منداڵانەم دەوێت.

پەروەردگار... ئەوا ئەمشەو بەرەو بارەگای تۆ دەبمەوە... ئەمەش تاوانی من نیە... بمبەخشە بە تاونێك کە نیمە.

کۆتایی

# نامەی

# کیژێك بۆ دڵدارەکەی

3

ئارلین... ئەم نامەیەت لە کۆتایی رۆژێکدا بۆ دەنووسم، کە رۆژئاوابوون بە شێوەیەکی سامناك پەژاراویە...

ئاهەنگی ترپە و لێدانی دڵم پەشێوترە لە رۆژئاوابوون... ئەوەی لە رووبەری ئەم نامەیەدا بۆ تۆی دەنوسم، بەهیچ جۆرێ پێویستی بە سوێندخواردن نیە... چونکە هەم یەهودای ئاوارە و ئەم مەسیحی بەخاچکراو گەواهی رۆژە رەشی منن.

کاتی نووسینی ئەم نامەیە، هەست دەکەم کە سەرتاپای بوونم زیندانێکی دوورکەوتووەیە لە چەردەیەك ئاواتی بێ ئامانج... گیانیشم جەنگەڵێکی ئاوارە و بزێوی ئارەزووە دژوارەکانە...

گوێبگرە ئارلین... کاتی نووسینی ئەم نامەیە، دڵم دەیەوێ وشەیەکی تر یەکسەر بنێتە پاڵ ناوەکەتەوە...

ووشەیەك کە سەرجەم ژیانی لەیادچووم لەودا کۆبێتەوە... ووشەی (من)... دڵم دەیویست بەخۆی رەوابیبینێ کە تۆ بە (ئارلینی من) بانگ بکات... داخەکەم کە نەمتوانی... بەڵام لەم کاتە تایبەتیەدا، توانین گرنگ نیە، بۆ یەکەمین جار رێگەبدە ویستی بێ توانا هەبێت !..کەوابوو..ئارلینی من.

خۆزگە دەتزانی کە هۆی نووسینی ئەم نامەیە، شیوەنی شەوانەی دڵی منە... دڵی من ئەمڕۆ رۆژئاوا... چەند ساتێ لەمەوبەر پەتی بێدەنگی پسان و... بە چاوێکی فرمێسکاویەوە وتی: دڵت چەند مانگێکە بەم وشانەوە ژان دەیگرێ..! سەرسام مەبە... دڵی پیاوان وەکو خۆیان لە رووی رەگەزەوە پیاون و دڵی ژنانیش وەك خۆیان ژنن...

لەبەرئەوە ئەم نامەیە هی من نیە..! نامەی دڵێکی شکاوە... دڵێکی رەنجاوی ژانگرتوو.

ئارلین، ئەوە دەزانیت..کە کۆرپەی ئازارێك بەبێ پەیوەندی دوو دڵ دەتوانێ چی بێت..؟..جگە لە هیچ..؟!

هەموو شت ناسکە، پیرۆزە، کە خۆراکی شیرینی فرمێسکە... ئەو کۆرپە نادیارەی شەوی بووك و زاوایی دڵەکان، کە لە فەرهەنگی شەو بێدارانی ناکامدا ناوی (ئەوینە)... ئارلین، دەزانی مانای چییە... ؟

ئەمشەو بۆ یەکەم جار هەستم کرد کە بەداخەوەم دووچارت بووم... لەوانەیە ئەگەر نیازم نەبووبێت کە بۆ هەمیشە لەیادت دەرکەم، ئەم هەستە شاراوەیە هەرگیز دڵی نەدەهەژاندم.

بەڵام چیبکەم... هاوکات لەگەڵ ئەم بڕیارەدا کە پاشگەزبوونەوە هەڵناگرێ... دڵ لە سینەی پەرێشاندا شیوەنی دەکرد.

ئارلینی من، پیاوان لە چوارچێوەی ئەوین و خۆشەویستیدا ئەوەندە ناپیاون کە هەرگیز باس ناکرێت.

بۆ سەلماندنی تەواوی نامەردی پیاوان ئەوەندە بەسە کە تەنیا لە ئاستی دڵی عاشق و تەفرەدراوی ژنێکدا هەست دەکەن پیاون..!

بەڵام تا ئەو کاتەی دڵی ژن خۆی نەداوە بە دەستەوە..زەبوون و بەرەڵاترە لە سەگێکی خوێڕی... بێتواناترە و سەرکوتکراوە ترە لە ژیانی دیلێك... هەژار و سواڵکەرترە لە گشت سواڵکەرەکانی (سامرە)... لە زەویدا بە چۆکادێ و دەستی پاڕانەوە بەرزدەکاتەوە و سواڵی ئەوین دەکات.

بەڵام، کە بیریان لە خۆبەدەستەوەدانی ژن ئاسودە بوو، جارێکی تر دێتەوە یادیان، کە خوا بە پیاو دروستی کردوون.!

سەرەڕای ئەمانەش هەموو پیاوەتیەك لە ئازاردانی دڵ و زنجیرکردنی ژنێکی دیلدا... بە تەواوی دەبێتەوە بە ناپیاوی.

ئارلینی من، لێم زیزمەبە کە بە دەزگیران بانگت دەکەم... ئاخر چ ڕێگرێك هەیە، کە بۆ یەکەم جار خۆت بە خۆت بناسێنم... ئەگەر لە یادت بێت، سێ ساڵ بەر لە ئیستا، کە لەسەر سووربوونی تۆ یەکترمان ناسی... لەو کاتەدا من کیژۆڵەیەکی بیست ساڵە و تۆش لاوێکی بیست و حەوت ساڵان بووی...

من بەپێی یاسایەکی کۆمەڵایەتی بەگونجاوم زانی، کە لەگەڵ لاوێکدا، بەلایەنی کەمەوە حەوت ساڵ لەخۆم بە تەمەن تربێت ـ بەهیوای بەیەکگەیشتنی هەمیشەیی زاری ئەوین هەڵبدەم ـ داخەکەم دۆڕاندم ـ

من تا تەمەنی بیست ساڵی لەژێر هیچ کاریگەرێکی بینینی بەیانی ژیاندا... هەرگیز بە یادی هیچ شتێك، هیچ کەسێك، بەهیچ ماچێ، لە هیچ باوەشێکدا، لە زۆری ئارەزوودا نەهەژابووم...

لە کاتێکدا دڵنیام لەوەی کە تۆ ساڵانی پێش بینینی من، لە زۆر شەوانی رابواردنتا، لەگەڵ سۆزانیەکاندا، کە تەمەنیان حەوت ساڵ لە دایکیشت گەورەتر بووە... بە تەواوی گیانی بەرەڵایتەوە، بە گشت خانەکانی لەشتا موچوڕکەت پیا هاتووە... بە هەمان شێوەی ڕۆژانی یەکەمی دۆستایەتیمان هەر ماچێك کە لەنێوانماندا دەکرا، جوڵەی

دەدا بەهەموو پایەکانی بوونی من... لەکاتێکدا بۆ تۆ ماچکردنی لێوانی من داستانێکی هیچ و پوچ بوو بۆ نوێکردنەوەی یادگارەکانی رابردووت و پەیداکردنی یادگاری نوێ دووبارە دەبووەوە.

ماچەکانی تۆ لەگەڵ چیرۆکی هەمیشەیی نەسرەوتن و بێخەویدا دەستی پێکرد، کە بە رواڵەت بەهۆی ئەوینی منەوە بوو...

بەسۆزێکەوە دەربارەی داهاتوویەك کە بڕیاربوو تۆ بۆ بەختیارکردنی من پێنج پایەی دارێژی، کۆتایی دەهات... خوا دەزانێ، کە هەموو شەوێ بە چ تام و چێژ و هیوایەکەوە بەلێنم دەدا بە دایکم ـ بە زوویی دوای بەیەکگەیشتنێکی بەئابڕووانە کۆرپەیەك لە مەمکەکانی من شیر دەخواتەوە ـ.

ماوەیەك بەسەرچوو... کار لە ماچ دەرچوو دەستەکان لە شان و ملەوە شۆڕبوونەوە... سینەی من..سینەی خز و سپی من، بوو بە گۆڕەپانی رمبازێنی پەنجەکانی دەستی تۆ.

خوا دەزانێ کە بە هەر دەست پیاهێنانێکی تۆ بەسەر سینەی ئاگراوی مندا، تا چ رادەیەك هەستم بە چێژ دەکرد... قوڕ بەسەری لاوێتی... ئەو کاتانە وامدەزانی، کە ئەو چێژە بەهۆی ئەوینەوەیە..! بیرم

نەدەکردەوە... نەمدەتوانی بیربکەمەوە، کە بەو جۆرەی تۆ لەگەڵم ئەوینداریت دەکرد، ئەگەر داپیرەشم لە جێی من بووایە... هەمان چێژی وەردەگرت... ئەمەش راستیەکە کە ئێستا هەستی پێدەکەم.

ئیدی هەرگیز دڵم لاو نیە... بۆم روون بووەوە.

ئارلین... سوێندبێ بە کورەی گەرمی هەرچی دڵ هەیە..! بە هەرچی سینەی سارد هەیە، بە گشت زەریا ئارامەکان... بە شنە بێ سروەکان، بە فرمێسکی دڵانی چاوەڕوان، بە حەزی وێڵ و بەرەڵا... بە رێزی ژنان بۆ پیاوی بێبەڵێن و هیچ لەبارانەبوو، بە نەفرەتی ژن بۆ بێتوانایی پیاوێك... بەهەرچی جوانی هەیە لە سادەیی سروشتا، بەهەرچی سروشتی جوانە، بە نامەردی هەموو دڵانی بەئارام و بە پیاوەتی و شکۆی هەرچی دڵانی بێئارامە... بەهەرچیەك کە بڕوات هەیە سوێندبێ... وەك پێویستی بە ئەوینێك کە بەرامبەر من نیتە، لەم کاتەدا ئەم شەو بەرامبەر تۆ هەستی قین و بوغز ئەکەم، ئەگەر توانام دەبوو دڵی سادەی کلۆڵم لە توێی سینەدا زیندەبەچاڵ دەکرد، کە دەیویست ئاوا کەمژانە تۆ بکاتە باوکی کۆرپەیەك لە من.

ئارلین لەبیرتە... ! هەرگیز جارێ نەبوو لە جێژوان ئامادەبیت و مەست نەبیت... دەزانی بۆچی..؟

چونکە کەسانی لاواز داوای کۆمەك لە شەراب دەکەن... ئەوینی تۆ بەرامبەر بە من هەروایە، کە سەلما ـ جگە لە حەزێ زیاتر نەبوو... تۆ لە پێناوی بەهێزکردنی ئەو حەزەدا، هەر شەوێك سەرخۆش بوویتایە، منەی دڵی غەمبارمت دەکرد...

منیش ئەمشەو بۆ بەهێزکردنی رق و قینم، نەفرەتێکی زۆر، کە دەربارەی هەرچی پیاو و پیاوەتیەك هەمە... خۆم سەرخۆشکردووە... ئاخر لەوە زیاتر چیم دەستەڵاتە، ئەگەر خۆم مەست نەکەم، دەمتوانی بەم چەشنە بە تۆ بڵێم تا چ رادەیەك لەو بارەی منی تێدا بووم، تۆ بە بۆگەنی کەڵکت لێوەرگرتووە..؟

لە شەرمی ئەوەی کە دەبێ لەماڵی باوکمدا بمێنمەوە، هەر ئەو شەرمەیە، کە پەلەی کۆتایی لارەسەنگیمە... دڵگرانم لە پێکەنینی توانجاوی هاوڕەگەزانم ـ کیژانی هاوتەمەنم بە رێکەوت بەر لە من شوویان کردووە... دڵگرانی من لەو بارەیەوە بوو، کە نەوەك تۆ بەجێمبهێڵی... لەگەڵ ئەو هەموو خۆشەویستیەی بەرامبەر تۆ

هەمبوو... لەم هەمووە تۆ تا چ رادەیەك بە پیسی کەڵکت لێوەرگرت؟ هیچ دەزانی؟ ئەو کاتانەی کە بۆ کۆتایی هێنانی گاڵتەبازی دڵداریکردنم، وتەیەکی ناخۆشم دەدا بە رووتدا، لە وەڵاما دەتووت پارەی تەواوم نیە بۆ ئەو کارە.

ئاخر هەی ناپیاو..کەی من پارەم لە تۆ ویستووە ؟

تا ئێستا کەی ـ لە ماوەی ئەو سێ ساڵە پڕ لە ئاوارەیی و شەو بێداریەدا، کاتێ لێوە تینووەکانت لێوی منیان دەخواست، تۆ لەجیاتی لێو پارەت دەنایە سەر لێوم ؟؟.

ئەو بڕە ژنە پارەپەرست و ساویلکانە لە یادی خۆت دەرکە، کە بوونەتە بەهانەی پیاوان و یاری بە چارەنووسی ژنان و ژیانەوە دەکەن...

تۆ وادەزانی، ئەگەر بەیانی بۆ نموونە چەکێکی یەك ملیون دۆلاریم بۆ بنێری و بڵێی ئەمە بگرە و (خوات لەگەڵ)... من بە یەك ملیون دۆلار دەتوانم سێبەری تۆ لەسەر ژیانی داهاتووی خۆم کەمکەمەوە..؟

ئەوە پیاوانن کە دوای ژن هێنان شانازی بەوەوە دەکەن، کە لە سەردەمی لاوێتیدا، پەیوەندیان لەگەڵ کچانی تر هەبووە، بەمەش

لەبەردەمی ژنەکانیاندا، ڕێز و پایەیان گەورەتر دەبێت، منی کلۆڵ، گریمان بەیانی شووم کرد بە پیاوێکی تر... ئەوەندە بەسە کە جارێك بە هەڵە ناوی تۆ بە دەمما بێت... کار لە کار دەترازێ و هەموو شت لە دەست دەچێ..!

ئارلین، فرمێسکی بی سەروشوێن چارە رەشی کردم، ئیتر تواناى نووسینم نیە... نامەکەم رەنگدانەوەی ژانی ترپەی دلی ئەوینێکی ناکامە، کۆتایی پێدێنم ـ بۆ تۆش ڕۆژە رەشی ناخوازم..

لەبەر ئەوەی سەردەمانێ خۆشەویستم بوویت، تەنیا هیواو خۆزگەم ئەوەیە کە تا کۆتایی ژیانی ئارەزووبازیت، هەرگیز تامی ئەوین نەچێژیت.

کۆتایی

# نامەی

# کتێب فرۆشێ

# بۆ

# مەی فرۆشێ

4

هاوسێی خۆشحاڵم، ئەی پیری مەی فرۆش.. !

خۆزگە ئەوەی کە ئەمشەو دەمەوێ لەگەڵ تۆدا لێیبدوێم... بمزانیایە لە کوێوە دەست پێبکەم... !

بەداخەوە نازانم... چونکە ئەوەندە هەست بە بێنرخی و کلۆڵی دەکەم، دەترسم کە ئەم کاغەزە سپیە لەتوپەتانە، بەرگەی رەشایی رۆژە رەشیەك نەگرن، کە بڕیارە لەم نامەیەدا کورتی بکەمەوە و بۆ تۆی بنووسم..

لەگەڵ تەواوی ئەم حاڵەشدا ئەوەندەی پێویستە، دەبێ چی فرمێسکی ماتەمینە، کە لە سینەی پەرێشانی ئەم کتێبانەدا شەپۆل دەدات، بەچەشنی سەرخۆکەرترین شەراب، دلۆپ، دلۆپ بیڕێژمە گەرووی ئەم کۆمەڵە وشك و بێ هەستەوە، کە چەرخی حەز و خۆزگەی بەشێوەیەکی دڕندانە لە تەوەرەی دەروونیا دەخولێتەوە...

دەزانی بۆچی..؟ لەبەرئەوەی کە ئەمشەو ئاگری دەمارپسێنی غەمی سینە سوتێنەر، دەماری لەشی سڕبوومیان لەگەڵ گشت خوێنێکی پەشێویدا کە تیایاندایە، هێناوەتە گریان.

ئەمشەو من سەرتاپا زوبانم، تۆش سەرتاپا گوێبە، سەرتاپا گوێ، ئەی پیری مەی فرۆش... !

ئیدی من بە جۆرێکی وەها لەم کۆمەڵە بێزاربووم، کە هەرگیز جێی خۆی لە دڵما ناگرێتەوە... ئاخر تۆ چۆن دەتوانی هەست بە دەردی من بکەیت..؟

لای تۆ هەموو شەو... هەردەم... زرنگەی پیاڵەی پڕ لە مەی و جەنجاڵی هاواری چەردەیەك بێ ئامانج و یاخی فرمان بەسەردا دراو لە مەیخانەی خۆشحاڵی تۆدا هاوار دەکەن، تۆ لەکوێ دەزانی کە هەر شەوێك لە کونجی غەمباری کتێبخانەکەی مندا، ئەم لانەوێرانەیەی خوایانی ئەدەب، لە شیوەنی تەنیاییدا چ رۆژە حەشرێ هەستاوە..؟

ئاخر تۆ بیرێکی لێبکەرەوە..! گاڵتە نیە... ماوەیەکی زۆرە هیچ موسڵمانێ، هیچ کافرێ..پەیدا نەبوو، تا سەرێ بکێشێتە ناو ئەم کتێبخانە کلۆڵەوە... لەم هەموو شاعیر و نووسەرە مەزنانە، کە لە رابردووی مرۆڤایەتیدا بەندەری کەشتی نێو زریانن و هەستی زریاناویان لە پشتی گەردوونەکانەوە بووە. لەم مرۆڤە مەزنانە... ئەم نیازمەندە بێ پێویستیانە..لە (لیوپارد) ی ئیتالیاوە بیگرە تا

(ویتمان)ی ئەمەریکا، تا (ورلن)ی فەڕەنسا، تا (لۆرکا)ی ئیسپانیا... تا (حافز)ی شیرازی... کەسێ نەبوو بپرسێ لەم ڕۆژە حەشرەی نەزانیندا، گۆشەی ماتەمی دانایی، بەو هەموو شۆڕەوە... ئەو هەموو شەیداییەوە چی دەکەن..!

ئەی پاڵپشتی سەرگوزشتەکانی چارەنوس بەکۆڵ... لەگەڵ تۆمە ئەی پیری مەی فرۆش.

بەخوای بێگومانی (بلزاك) سوێند دەخۆم... هەر کەسێ لە چوارچێوەی شێواوی ئەم ئازار چەشتنەدا، بە فرمێسك بەشداری هەستی من نەکات، دژی گشت هەست و سۆزێکی مرۆڤایەتیە.

ئاخر بەچ جۆرێ بیلێم... بەکێ بلێم... بەچ ڕوویەکەوە بلێم کە شلەقێنەری گۆمی ئارام و بێدەنگی کۆڕی ماتەمی ئەم خوایانی بەندە ون کردوی ئەدەبە، تەنیا مشکە پشیلە نەدیوەکانی (عوبێدی زاکانی)یە

ئەم کلۆڵیە بێنەرەوە بەرچاوی خۆت، مشکەکان هاودەمی خوایانێکن، کە سەدان ساڵە گشت فریشتەکانی ئاسمان بە شەرابی شیعری ئەوان مەست و سەرخۆشن... ئەی قوڕ بەسەرمان...

بڕوانە ڕۆژی نووسینی ئەم نامەیە... سەیرت کرد؟ دەزانی ئەمڕۆ چ ڕۆژێکە..؟

ڕۆژێکە، کە لە لایەکەوە نرخی هەر شوشە شەرابێ دوو چەندانە بۆتەوە و بەو پێودانەش ژمارەی مەیخۆران..

هەروەها لەلایەکی ترەوە، منالآنی ناڕەسەنی ئەم کۆمەڵە بێ ئابڕووە خەرمانی هەستەکانی سەدان شاعیر و نووسەری مەزن ـ کە قورسایی هەموو ئەستێرە گەڕۆك و وەستاوەکان لە ئاستی گەورەیی ئاسمانیاندا، لە چڵە پوشێ زیاتر نیە..!

لەداخی بێبازاڕیەك، کیلۆ، کیلۆ لە ڕوانگەی بێئاکاریەوە پێشکەشی دەکەن بە بازاڕی نادانی.؟!

پیری مەی فرۆش... تۆ تەنیا مەی فرۆشی... لەوانەیە بەو شێوەیەی کە پێویستە هەست بە مەبەستەکەی من نەکەی... ڕێم بدە با سادەتر لەگەڵتا بدوێم... ئەم نامەیەت لە ڕۆژئاوای زەردەی ڕۆژێکدا بۆ دەنووسم، کە هەموو کتێب فرۆشەکان، ـ بەداخەوە منیش یەکێکم لە بێبەخت ترینی ئەوانە ـ کتێبەکانیان تالآن فرۆش دەکەن..

بیهێنە پیش چاوی خۆت..کە چ بازار و هەڕاجخانەیەکی پڕ ئازارە... (بلزاك) بکڕی بە (15) قڕان، (دیستۆفسکی) بە (10) قڕان، (تۆڵستۆی) بە (6) قڕان، (ئەبو رەیحانی بێروونی ) نرخی دوو قڕانە... بەلاشە... وانیە..! ئەی پیری مەی فرۆش... ؟

بە نیگای نیگەرانی دایکانی چاوەڕوان ... بە ئاوارەیی هەستی بێ نرخی مەینۆشانی نیوە شەوەکانی دەربەدەری... بە نادانی لانە بڵند و بە دانایی قوڕبەسەر سوێند دەخۆم... کە هەرگیز ناتوانم ئەوەی کاتی تالآن فرۆشی کتێبەکان لە رەفە رەنگ هەڵپڕوکاوەکانی کتێبخانەکەمدا روویدا، بیهێنمە بەرچاوی خۆم..! تەنیا هەر خوا دەزانێ کە من بەرفرمانی بەرگەگرتنی چ مۆتەکەیەکی سەرسام بووم... هاوکات لەگەڵ دەنگی ناسازی هاواری تالآنفرۆشیدا، لە پەرستگای گشت خوایانی ئەدەبدا، زەنگی شیوەنی مەرگ، دەنگی دەدایەوە... و لە جیهانی فراوانی خوایاندا پرسەی گشتی راگەیەنرابوو.

هەر یەکەیان بەجۆرێ بەسەر چارەنووسی پڕ ئازاری بەرهەمەکانی خۆیاندا دەگریان... (خیام) بەتەواوی شێت بوو بوو !..لە لایەکەوە بە منی دەووت: کە ئەگەر بەزەیت بە چارەنووسی ئەم گەلەدا نایەتەوە، بەزەیەکت بە رابردووی پڕ لە شانازیاندا بێتەوە..! بەم شێوەیە تالآن فرۆشی مەکە... مەیفرۆشە.

لەلایەکی ترەوە، رووی دەمی کردە کڕیارە رۆژە رەشەکانی تۆ... کە کاتی خۆی کڕیارانی خۆشحاڵی من بوون... و... هاواری دەکرد: ئەی نارەسەنینە ـ گوژاڵکی شیرین خولقێنەری شانازیەك، کە فردەوسی توسی ـ سەرەڕای هێرشی فارس شکێنی عەرەبی شووم ـ کە بۆ ئێوەی وەدەست هێناوە، بەسەرمەستی ماڵ وێرانکەری ئێوە حەرام بێت..!

هاوکات لەگەڵ هەڵچوون و توڕەبوونی خیامدا... ئاخ ئەی پیری مەی فرۆش... چۆن بۆتبگێڕمەوە کە چیم دی... دەزانی چی روویدا..؟

پارچە کاغەزێکی سپی کە بە خەتی درشت تالآن فرۆشی کتێبەکانی رادەگەیاند، بەتەواوی رەش داگەڕابوو، منیش دەستەپاچە و بێدەستەلآت.

ئەو مرۆڤە مەزنەی کە جیهانی بە ئەدەبەکەی زیندوکردەوە... بینیم کە ملگکەچ و غەمبار، ئەو پارچە کاغەزە رەش کراوەی دەدا بەسەر سنگی تەپوتۆزاوی کتێبە نەمرەکەیدا.

لەیەکێ لە رەفە تەریکەکاندا... خەریکبوو کارەساتێ بقەومێ، (گۆتە) یەخەی (حافز)ی گرتبوو... پێیدەووت: براله (دیوانە رۆژهەڵاتیەکەم) بۆ بگێڕەوە، من هەرگیز بە بیرما نەدەهات، کە تۆ باپیرەی رۆحیی منداڵانێکی ئەوەندە ناکەس بەچە بیت!... حافزیش سەرسام و واقوڕماو بە کەساسی دەگریا.

رەخنەکەی گۆتە بەجێی خۆی... بەڵام گریانەکەی حافز... رۆژگاری تاڵکردم، هەر کە فرمێسکەکانی حافزم بینی... ئیتر ئەوەندە گریام... گریام... کە بەتەواوی هەستم ئەکرد ئیدی من زیندونیم... سوێند دەخۆم بە راست و دروستی ئەو کتێبە ئاسمانیەی کە حافز سورەت بە سورەت و ئایەت بە ئایەت لەبەری دەکرد... ئێستا کە ئەم نامەیە دەنووسم من خۆم نیم... گیانی سەرگەردانی (هۆگۆ)م لە لەشی (جان واڵجان)دا و بارێکی کەمەرشکێن لە بەرهەمەکانی هەڵکەوتووانی جیهانی بەکۆڵەوەیە و لە ژێرزەمینە تاریکەکانی پاریسدا، بەدوای

گۆشەیەکی دەرکەناردا دەگەڕێ... تا گشت هەڵکەوتووانی جیهان بە خاك بسپێرێ، بەرلەوەی نرخیان لە نرخی شوشە شەرابێك کەمتر بێتەوە.

هاوسێی خۆشحاڵم، ئەی پیری مەی فرۆش..!

لە توندی لێشاوی هێرشی فرمێسکەکان، چارەیەك شکنابەم، جگە لەوەی کە کۆتایی بە نامەکەم بهێنم...

لە کۆتایدا دەمەوێ تکایەکت لێبکەم... هەرچەند نازانم بەئەنجام دانی بۆ تۆ هەڵدەسوڕێت ؟..دەزانی ئەمشەو دەمەوێ دە هەزار شوشە شەرابی تاڵم، بەبێ پارە بۆ بنێری... چونکە دەمەوێ ئەمشەو تەواوی خوایانی تەعزیەباری ئەدەب مەست و سەرخۆشکەم..

تا پێبکەنن بە یادی ئەو کاتەی کە بوون، لە پێناوی ئەوەی بۆی ژیان... هەروەها تا بگرین بەحاڵی کۆمەڵێك کە کاری نەمری فەرهەنگەکەی گەیشتۆتە ئاستێك، ئەگەر نرخی شەراب ببێ بە چوار ئەوەندەی کە هەیە، بە هەر فەلاکەتێ بێت و ئەگەر بە نرخی ئابڕووشیان بێ... هێشتا تۆ ـ ئەی پیری مەی فرۆش ـ بە تەنیا

جێتناهێڵن... لە کاتێکدا خوێنی گوشراوی سینەی سیلاوی (چیخۆف)
بە نرخی یەك پیاڵە مەی کڕیاری نیە..!

# نامەی
# دایکێک
# بۆ
# سەرۆکانی
# دەوڵەتە مەزنەکان

5

بەڕێزان...

برایانی گەورەم...

من لەو سەردەمانەوە، کە تەمەنی منداڵی و لاوێتیم تیا بەسەربردووە، هەرگیز هەلێکی ئەوتۆم بۆ نەڕەخساوە، تا ببمە خاوەنی بیرکردنەوەیەکی تایبەتی...

ئەویش بەپێی بارودۆخی ژیانی کپ و بێدەنگی رابردووم و بە فرمانی ئاسمانی دەوروبەرم... ئاسمانێك، کە هەرگیز بارانێکی وەهای نەباراندووە تا تۆوی هیچ ئایدۆلۆژیەکی دیاریکراو لە مێشکی خۆمدا بچێنم.

مەبەستم ئەوە نیە... گوایە ژنێکی نەخوێندەوارم... نەء... بگرە زۆربەی ژیانی لاوێتیم لە خزمەت خواوەندانی فەلسەفە و ئەدەبدا بەسەربردووە... بەڵام هەرگیز دڵم ئەوەی نەخواستووە، لەبەر پەسەندکردنی فەلسەفەیەك، فەلسەفەیەکی تر بە شێوەیەکی هەمیشەیەی بنێمەلاوە.

سەرەتا بابچینە نێو بنەچەی مەبەستەکەمەوە

تەنیا شتێك كە وەك یادگار لە رابردوومەوە بۆم ماوەتەوە... لەدایكبوونێكی نەگبەت و كلۆڵانە و شادمانی لە دایكبوونێكی ترە...
دەزانن ئەوە مانای چیە..؟
بە كیژۆڵەیی هاتمە دنیاوە، كە ئەمە لەدایكبوونێكی كلۆڵانەیە...
پاشان خۆم بووم بە دایك و كوڕێكم هێنایە دنیاوە... كە ئەمەش لەدایكبوونێكی شادمانانەیە.
دایكی خۆم چەند ساڵێكە تەمەنی درێژی بۆ ئێوە بەجێهێشتووە... لەو كاتەوە تاریكی گۆڕێك، ناوی هەمیشەیی دایكمی لە ژیاندا سڕیوەتەوە.
تەنیا یادگارێكی شیرین و زیندو، كە لە دایكمەوە بۆ من بەجێماوە... شیرێكە، كە رۆڵە تاقانەكەم... كوڕەكەم... لە جووتە مەمكی من خواردویەتەوە.
دایكم بە درێژایی تەمەنی خۆی ئاواتی ئەوەبوو، كە جەرگ سووتاو نەبێ... ئەو بە ئاواتی خۆی گەیشت و بەر لە مەرگی من... كۆچی دوایی كرد... ئەمەش ئاواتێكی رێكەوت نیە :

هەموو دایکێ هەمان خۆزگە و هیوایان هەیە... منیش دایکم و لەبەر هێنانەدی ئەو ئاواتەیە، کە ئەمڕۆ دەمەوێ لەم دوورەوە، چەند وتەیەك لەگەڵ ئێوە... ئێوەی بەڕێز و برایانی گەورەم، بدوێم.

پێشەکی... دەبێ ئەوەمان لەیاد نەچێ... کە ئەگەر ئێوە بەناوی رۆڵەوە بانگ ناکەم، لەبەر ئەوەیە، کە من کەمێ لە تەمەندا لە ئێوە لاوترم تا جێگای دایکی ئێوە بگرمەوە... بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە من ئامادە نیم، لەجیاتی دایکتان بمرم و ئێوە هەریەکە وەك جگەرگۆشەی دایکێك بژین... نەء. ! لە پێناوی گشت رۆڵەیەك، بۆ هەر کۆرپەیەك..دایکم.

***********

برایانی بەڕێزم... وتم تەنیا مەبەست و ئامانجم لە نووسینی ئەم نامەیە ئەوەیە، کە بەهیچ جۆرێ دڵم ناخوازێ..مەرگی رۆڵەی خۆم ببینم..!

وانەزانن کە بەم ئاواتە دەمەوێ شەڕ لەگەڵ خوادا بکەم... نەء.. (خوایە گیان).

لەوانەیە ویستی خوا وابێت، کە ساڵانی دوایی تەمەنم، هەرچەندەبێت، لە توێی بەرگی رەشدا بەسەربەرم.

لەوانەیە..(زمانم لاڵ بێت ) کە پێش مەرگی من، رۆژێك، یان شەوێك، لە چنگی شێرپەنجەیەکی ئێسك شکێن، یان لە نێوان کۆکە رەشەکانی سیلێکدا، یان لە کلّپەی ئاگرێکی کوتوپڕی عەشقێکی ناکامدا... یان لە ئاڵۆزی و گرانی پەیداکردنی پاروە نانێکدا... گیان بە گیان بسپێرێ... ئەگەر ئەمە ویستی خوابێت... با بێت... ئەوە مەرگێکی ئاساییە... بەڵام (خوانەخواستە) ئەگەر دووچاری تەنگوچەڵەمەی ئاوا ببم، بەلایەنی کەمەوە ئەو بەختیاریەم هەیە، کە بە دەستی خۆم کوڕەکەم (رۆڵەکەم) بە خاك بسپێرم و پاش مەرگیشی هەر ساتێ کە یادی هێرشی بۆ هانیم..لەسەر گۆڕەکەی فرمێسکی خوێنینی بۆ هەڵبڕێژم...

خۆ ئەگەر کوڕەکەم لە مەیدانی جەنگدا کوژرابێت... لاشەکەی لە جەنگەڵی پڕ لە ماتەمینی لاشەکاندا..لە کوێ بدۆزمەوە..؟ کام دەستی پەڕێنراو لەجیاتی دەستی رۆڵەکەم بنوسێنم بە سنگمەوە..؟

لەو هەموو کەللە سەرە ورد و خاشکراوانەی، کە لە دەریای پڕ لە خوێنی جەنگدا بە کەمۆڵە خوێنیان لێدەچۆڕێ... لە کام کەللە سەری کلۆڵدا بەدوای قژە رەشە خاوەکەی کوڕەکەمدا بگەڕێم..؟

لەسەر کام کۆڵەپشتی بێ خاوەن فرمێسك هەڵڕێژم، لە پاڵ کام لاشەدا بمرم..؟؟

برایانی هێژام...

بەخودا سوێندتان دەدەم... گوێ لە هاوار و ناڵەی ئەم خوشکە زەبوونەتان بگرن..

بەلایەنی کەمەوە لەبەر کپ نەبوونەوەی مەشخەڵی شانازیەکان، کە (لینکۆڵین )ەکان و (پەتر)ە مەزنەکان و (ناپلیون)ەکان بۆ ئێوەیان وەدەست هێناوە...

تووخوا ئاگری ئەم ناکۆکیە مەرگچێنەرانە بۆ هەمیشە بکوژێننەوە، ئاخر بیرێ بکەنەوە لەو شەڕە کاولکاریەی رابردوو، نزیکەی چل ملیون

لاوی بێ تاوان بوونە قوربانی... بیرێ بکەنەوە... چل ملیون کەس گاڵتە نیە... چل ملیون بەهرەی نەپشکوتوو... چل ملیون وشەی گۆنەکراو... ئەی چۆن بیردەکەنەوە.؟

واتە لە نێوان ئەو چل ملیون لاوەدا... چوار مرۆڤ، هەڵنەدەکەوت... کە یەکێکیان بەردەوامی بدات بە رێگای پڕ لە شانازی (لینکۆڵین ) و یەکێکی تر هێمای شانازی دەوڵەت بێ، کە (ولتر)ی داوە بە جیهان... یەکێکیش رەنگدانەوەی هوشیاری و بلیمەتی (شەکسپیر) بێت، کە تەنانەت (فاوست)ی (کۆتە) لەبەرامبەر مەزنی ئەودا لە پێکەوت..؟... ها..؟

لەنێوان ئەو چل ملیون مرۆڤەدا چوار هەڵکەوتو پەیدا نەدەبوو..؟..کەواتە چۆن پێویست نەدەبوو کە ئەو چوار مرۆڤە بمانایە..؟

برایانی ئازیزم..

بە خودا، تاوانێك کە لە خودی جەنگی رابردوودا کراوە، بۆ حەوت پشتی نەوەی داهاتوش بەسە..!

وەرن لەبەر خاتری هەرچیەك کە بەلاتانەوە پیرۆزە، گشت باروتخانەکان لە جیاتی ئادەمیزاد بدەن بەسەر تۆپ و تانکەکاندا.

ڕێڕەوی شنەی بەهاری ژیانی لاوان مەسپێرن بە شریخەی مەرگچێنەری گوللەکان... پەشم نیە... ؟ ئەم غونچە نەپشکوتوانە، بەر لە هاتنی پایز، سیس و ژاکاوبن..؟ تووخوا پەشم نیە... ؟

خۆ ئەگەر جارێکی دی خوانەکەردە کاری ئەم ناکۆکیانە بەرزبێتەوە و شەیپوڕی گوێکەڕی جەنگ دەنگباتەوە و جارێکی تر ملیونەها مرۆڤ، لە خوێن و خۆڵدا بگەوزێنن... ئێوە وەڵامی خەڵکی خوا..نەء.

وەڵامی خوا خۆی چۆن دەدەنەوە... ؟

ئەوە گاڵتە نیە، کە ئادەمیزاد بەخوا بڵێت: بۆ نمونە (ئێمە دەمانویست لە دالآنی هەوایی بەرلینەوە تێپەڕین، بەڵام ئەوان نەیانهێشت..و ئێمەش دامان بەسەریاندا)... کوڕە ئەمە گاڵتە نیە.

لەسەر زەمینی خوا هەرچی دڵتان دەخوازێ، هەرچی نابێ بیکەن... دەیکەن... ئیدی نۆرەی نەخشەکێشانی ئاسمانەکانە..؟

براياني بەڕێزم... ئێوە بەڕاستانە، کە ئەم کێشانە ناتوانرێ بە دوو وشەی ڕێکوپێك بنبڕکرێ..؟ مەگەر ئێوە بەناو (ئادەمیزاد) (ئەندامی یەکتر) نین ؟

ئاخر ئەوە کەی بیانووە، لەبەرئەوەی چوار ئەندامی یەك خێزانی گەورە، لە چوار ماڵی جیاوازدا هاتوونەتە دنیاوە... ساڵێ دوانزە مانگە، بەخوێنی یەك تینووبن

لەسەرو ئەمانەشەوە من نازانم و تێناگەم، بۆچی دەبێ ناوی ئەو دەوڵەتانەی کە لەژێر دەستەڵاتی ئێوەدان، هەر دەبێ روسیا و ئەمەریکا و بەریتانیا و فەڕەنسا بێت..؟

ئەی بۆ دەوڵەتەکانتان بەناوی دەوڵەتی (گۆتە)، سەرزەمینی (تۆڵستۆی)، لانکەی ( واڵت وتمان )، یان جێی لە دایك بوونی (ورلن) ناونانێن... ؟

بەخودا بێت ئەو کارە بکەن... دڵنیابن کە هەرگیز تۆڵستۆی رێ بەخۆی نادات بە تۆپ و تفەنگەوە بچێتە سەر (واڵت وتمان) و هەمیشە دەرگای ماڵە شاعیرانەکەی (ورلن) بەوپەڕی شانازیەوە بۆ (گۆتە)ی مەزن لەسەر پشت دەبێت... چونکە ئەو مرۆڤە بەڕێزانە هەرچەندە لە

جۆرێتی دراودا جیاوازن، بەڵام ئەوان قوماری ژیانیان لە پێناوی گەشەدانی نەرم و نیانی ژیاندا دۆڕاندووە، نەك بە مەبەستی فراوانکردنی سنووری ماڵەکانیان... یان لەپێناوی سەروپۆتەڵاك کوتینەوەی هاوسێکانیاندا.

برایانی گەورەی من... ئەگەر بە هەڵەدا نەچووبم، لەم رۆژانەدا نوێنەرانی ئێوە لە (جنێف) بەتوندی سەرقاڵی کێشەی وڵاتانن..و دووبارە ئەگەر هەڵە نەبم، یەکێ لە کێشە ئاڵۆزەکان... کێشەی بەرلینە.

باوەڕبکەن من کاتێ کە ئێوە دەبینم هەر یەکەتان پشتی بە لایەك لەو دوو ئەڵەمانیایە بەستووە، (ئەوەی لەلایەك بە ئەڵەمانیای رۆژئاوا و لە لایەکی ترەوە بە ئەڵەمانیای رۆژهەڵات)..لەخۆمەوە پێکەنین دەمگرێت..!

دەزانن بۆچی... گەلێ سادەیە... ئێوە وەرن بۆ تاقیکردنەوە... دایکێك لە ئەلەمانیای رۆژهەڵات و دایکێك لە ئەڵەمانیای رۆژئاوا هەڵبژێرن... دەبینن هەردووکیان وەك یەك گیانێکی خەماوین لە دوو جەستەی پەشێودا و بێز لە هەمووتان دەکەنەوە..

سەرسام مەبن... هۆكەی ئاساییە، بۆ هەموو نەتەوەیەك تا ئەو ئاستەی كە پەیوەندی بە مەرگی ئازیزانیانەوە هەیە ((هۆ))كان ناوترێت... (هۆكار)یش مەبەست نیە.

ئاخر ئێوە ماڵی ئەڵەمانەكانتان وێرانكرد خاكی رەشتان پێشانی دایكانی ئەڵەمانی داوە... بەسەرچوو... رۆی... تێپەڕی.

ئێستا با بڵێین ئەوە لەپێناوی ئازادیدا بوو... یان لەپێناوی چەردەیەك شێتێتی (هێتلەر)یدا بوو... بەڵام ئەمە پەیوەندی بە دەروونی دایكانەوە نیە... خۆزیا كاتی گفتوگۆكردن سەبارەت بەو جۆرە كێشە و تەنگوچەڵەمانە ئەو راستیانە فەرامۆش نەدەكران..

برایانی خۆشەویستم... نازانم تا چ رادەیەك هاوارەكانم دەتوانێت كاربكاتە سەر دڵ و دەروونتان.؟

بێگومان واهەست دەكەم كە ئێوە دەزانن مەبەستم لە نووسینی ئەم نامەیە چییە... بەڵام خۆ ئەگەر لەوبڕوایەدابوون كە ئەنجامی هیچ یەكی لەو خواستانەی من بۆتان ناگونجێت... ئەوا دەخوازم كە دوا داوام پەسەند بكەن..

وەرن وشەی (سەربازگیری) بگۆڕن بە وشەی (دایکگیری)... لە جیاتی ڕۆڵەکانمان، خۆمان بەرن بۆ بەرەکانی جەنگ... با بەلایەنی کەمەوە بە هەر گوللەیەك یەکێك بمرێت... من نازانم بە چ جۆرێ لە ئێوەی بگەیەنم، کە بە مەرگی هەر ڕۆڵەیەك دایکێکیش دەمرێت... !

بەکورتی من ئامادەنیم کۆرپەکەم، بە پارچە قورقوشمێکی لاڵی بێ ئامانج بمرێت، کە لە فەرهەنگی ڕەشی جەنگدا بە گوللە ناسراوە.

ئەگەر بڕیاربێ کە مناڵەکەم بمرێت... با بیکوژێت.

یان (قەلەڕەشی ئەرگالانیۆ) یان (پاتیکی مایکۆفسکی) یان (سەمفۆنیای ناتەواوی شۆبەرت)..و.

بۆئەوەی لەوەزیاتر کاتی ئێوە نەگرم، بە تابلۆیەکی سادەی زیندوو کۆتایی بە نامەکەم دەهێنم... بڕیاری هەڵسەنگاندنی ئەو تابلۆیەش هەر بەخۆتان دەسپێرم.

( تاجەگوڵێکی جوان و شاعیرانە، بهێننە پێش چاوی خۆتان، کە دەتوانن لە هەرکوێیەك بتانەوێ دایبنێن..چونکە نە زمانی هەیە تا ناڕەزایی دەربڕێت و نەدەستی هەیە تا بەرهەڵستی لە خۆی بکات.

دیاریکردنی شوێنی شیاو و لەبار بۆ ئەو تاجەگوڵە بڕیاری ئێوەیە... زۆر چاکە..لە ئێوە دەپرسم... کام یەکێ لەم دوو شوێنە بۆ ئەو تاجەگوڵە شیاوترە ؟

گەردنی سپی بوکێك... یان سینەی رەشی تابوتێك... .. ..؟؟؟؟؟

کۆتایی



نامه سەرگەردانەکان
2005
نامەی کیژێ بۆ دەزگیرانەکەی
نامەیەک بۆ چارلی چاپلن
نامەی کیژێک بۆ خوا
نامەی کتێب فرۆشێک بۆ مەی فرۆشێک
نامەی دایکێک بۆ سەرگەردانی جیهان
نرخی ١٠٠٠ دیناره